

BØRN OG UNGE
Aarhus Kommune

# ڕید

## پێکەوە خوێندنەوە

## ٣-٤ ساڵ



# دایک و باوکی ئازیز

کاتێک لەگەڵ منداڵەکەت دەخوێنیتەوە و دەنووسیت یان لە بارەی کتێب لەگەڵیدا گفتوگۆدەکەیت، زمان و زانیاریی منداڵ لەسەر کتێب ونووسین بەهێزتر دەبێت. هەروەها ئاشنایی لەگەڵ ڕێنووس و کتێبیشدا باشتر دەبێت. ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنیەتی پەیوەندیکردنی ئەو منداڵە لەگەڵ کەسانی تر و تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەری.
ئێمە بەم جانتایە خوازیارین فکرەیەکتان بدەینێ لەسەر چۆنێتی خوێندنەوە و گفتوگۆ لەبارەی خوێندنەوەوە لەگەڵ منداڵدا.
جانتاکە و کەرەستەکانی ناوی دیارییە بۆ ئێوە و پێویست بە گەڕاندنەوە ناکات.






## جانتاكە ئەمانە لەخۆدەگرێت:

- سێ كتێب
- ئەم ناميلكەی كە ئێستا لەبەردەستدايە و باس لەوە دەكات كە بۆچی گرنگە لەگەڵ منداڵەكەت بخوێنيتەوە.
- ناوبەندێک بە هەندێک پێشنياری دياريكراوەوە لەسەر چۆنێتی خوێندنەوە لەگەڵ منداڵەكەت.
- كوپۆن (بيتاقە)ی كتێبێكی بێبەرامبەری زيادە كە دەتوانرێت لە كتێبخانەی ناوچەكەی خۆت وەريبگريت.
- يارييەک و ياساكانی تايبەت بە يارييەكە.

**كتێبەكانی ناو جانتاكە دەتوانرێت چەندين جار بخوێنرێنەوە. هەڵبەت هەميشەش دەتوانيت كتێبی زياتر لە كتێبخانە قەرز بكەيت.**

ﺑمۆزەرەوە لە وەرگێڕدراوی ئۆنلاين:

www.aarhus.dk/read


Jimbo
har det gøy
Gyldendal




## تۆ وەک دایک و باوک ڕۆڵێکی گرنگت هەیە

- زمانی منداڵەکەتان بەهێزدەبێت کاتێک پێکەوە کتێب دەخێننەوە و لەگەڵ منداڵەکەتدا باسی کتێبەکە دەکەیت.
- زمانی منداڵەکەت لە هەر ئاستێکدا بێت هەرچۆنێک بێت ئەم کارەی تۆ کاریگەریی خۆی دەبێت

# لەگەڵ منداڵەکەت بخوێنەرەوە

هەمیشە پێکەوە خوێندنەوە شتێکی خۆش و پڕلە چێژە. مەرج نییە خوێنەرێکی باش بیت بۆ ئەوەی لەگەڵ منداڵەکەت بخوێنیتەوە یان باسی کتێب بکەیت. تا دەتوانن شتی جیاوازبخوێننەوە لەگەڵ منداڵ، ئەگەر کتێبی واش بخوێننەوە کە وێنەی تێدا بێت چێژی زیاتریش دەبێت. شتێکی باشە هەمان کتێب چەند جارێک بخوێننەوە. دووبارەکردنەوە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی فەرهەنگی وشەی منداڵەکە و توانای تێگەیشتنی باشتر دەکات.



# ڕید

## خوێندنەوەی پێکەوە

- کاتێک دەخوێنیتەوە و باسی ڕووداوەکانی کتێبەکە دەکەیت بە دەست ئاماژە بکە بۆ وشەو وێنەکان
- دەتوانی لە وێنەکانەوە خۆشت چیرۆک دروست بکەیت و منداڵەکەت لەو کارەدا بەشدار بکەیت.
- هەموو رۆژێک کات تەرخان بکە بۆ خوێندنەوە و گفتوگۆی پێکەوە.



## لەگەڵ منداڵەکەت قسە لەسەر کتێبەکە بکەن

کارێکی باشە کاتێك کتێبێك دەخوێنیتەوە لەگەڵ منداڵ هەم لە پێش کتێبخوێندنەوەکە و هەم لەکاتی کتێبخوێندنەوەدا و هەم لە کۆتاییشدا پێکەوە قسە بکەن. بەو کارە زمانی منداڵەکەت و زانیاری لەسەر دنیای دەوروبەری پێش دەخەیت. بە هەمان شێوە یارمەتی منداڵەکەت دەدەیت لە ناوەرۆکی کتێبەکان تێبگات. دەتوانن باسی وێنەکان و ئەوەی لە کتێبەکەدا ڕوودەدات لەگەڵ وشەکاندا بکەن. کارێکی باشە پرسیاری کراوەو کونچکاوانە بکەن بۆ ئەوەی منداڵەکەت حەز بە قسەکردن بکات. دەتوانی لەسەر ناوبەندەکەت یارمەتی و پێشنیاری باش سەبارەت بە خوێندنەوە بدۆزیتەوە.










- جار جار لە خوێندنەوە بوەستە و لەسەر وێنەو ڕووداوەکانی چیرۆکەکە قسە بکە.
- ئەو وشانەی تازەو نەناسراون ڕاڤەیان بکە بۆ منداڵەکەت یان نیشانی بدە.
- پرسیاری کراوە (ئەو پرسیارانەی بە وشەی پرس دەکرێن) بکە و وەڵامی منداڵەکەت بە گرنگیەوە وەربگرە.
- کاتێکی باش تەرخان بکە بۆ گوێلێگرتن و وەڵامدانەوەی منداڵەکەت




# قسەکردن بە زیاد لە زمانێك تواناییە

ئەگەر زمانێکی تر جیا لە زمانی دانمارکی قسە دەکەن، دەتوانن ئەو زمانەش لە کاتی گفتوگۆ لە بارەی کتێبێکەوە بەکاربهێنن. لەگەڵ منداڵەکەت بەو زمانە قسە بکە، کە خۆت باشتر دەیزانیت. دەتوانن هەم بە زمانی خۆتان و هەم بە دانمارکی لە بارەی وشەو دەستەواژەی کتێبەکەوە قسە بکەن.



# ڕید

## پێکەوە خوێندنەوە

- بیرت بێت کە شتێکی باشە زیاد لە زمانێك بزانیت
- هەم بە دانمارکی و هەم بە زمانی دایکیی خۆتان لە بارەی وشە و دەستەواژەکانەوە قسە بکەن

## پێکەوەبوون وخوێندنەوە

لە کاتێکدا پێکەوە لەگەڵ منداڵەکەت دەخوێنیتەوە جەوێکی خۆش و پڕ لە نزیکیی لە نێوانتاندا دروست دەکەیت.
هەوڵ بدە لەسەر جێگای نووستن بێت، یان کاتێك لەسەر سۆفای ماڵەوەن کاتێک لە نزیك یەکتر یان لەسەر ئەرز دانیشتوون، بەجۆرێك چاوتان لە چاوی یەکتر بێت و لە یەك ئاستدا بن بخوێننەوە. ئەگەر منالًی دیکەشتان هەیە هەوڵ بدە لەو جەوە تایبەتەی سەبارەت بە خوێندنەوەکە دروست بووە بەشداریان بکەیت. ئەگەر تەلەفیزیۆن و مۆبایلتان کووژاوە بێت دانیشتن و جەوەکەتان خۆشتر دەبێت و پچڕاندنی تێناکەوێت.



- له شوێنێکی خۆش و ئارام دابنیشە
- لە نزیك یەکتر دابنیشن کاتێك پێکەوە دەخوێننەوە
- ئاگات لە فزوول و گرنگیپێدانی منداڵەکەت بێت بۆ ئەو شتانەی سەرنجی ڕادەکێشێت
- شەرت نییە هەموو کتێبەکە بخوێننەوە.



# یاری و گەمە لەگەڵ منداڵەکەت

بێجگە لە خوێندنەوە یاری و گەمە بکە لەگەڵ منداڵەکەت. ئەمە هەم کارێکی خۆشە هەم بۆ فێربوون بە سوودە. بۆ نموونە دەتوانن خۆتان بکەن بە کەسایەتی و فیگەری ناو کتێبەکان. دەتوانن یاری بە کارت و وێنە بکەن بۆ نموونە یاری وێنەمەتەڵ و یاری بیرتیژیی لە ناو جانتاکەشدا یارییەکی تێدایە کە بە شێوەی جیاواز دەکرێت.


له وێنەکەدا چی دەبینی؟
فیل




## لەگەڵ منداڵ وێنە بکە و بنووسە

کاتێک لەگەڵ منداڵ وێنە دەکەیت یان گفتوگۆ دەکەیت و دەنووسیت منداڵ فێر دەبێت کە لە ڕێگای شتی نووسراوەوە گوزارشت لە خۆی بکات. بۆ نموونە دەتوانیت بە وێنە باسێکی خۆت بگێڕیەوە یان وێنەی شتێک دروست بکەی، کە لە کتێبێکدا دیوتە.

ئاساییشە ئەگەر منداڵ حەز بکات شقلی و پقلی لەسەر وێنەکەی دروست بکات یاوەخود وێنەی پیت بکێشێت. تۆش دەتوانی بەجێی خۆت بە زمانی تر کە خۆت تێیدا شارەزایت وشەو ڕستەی بۆ بنووسیت.




# ڕید

## پێکەوە نووسین

- با بۆیە و قەڵەم و وەرەقە بەردەست بێت، بۆ نموونە لەسەر مێزی نانخواردن تاوەکو بواری نووسین و خوێندنەوە و وێنەکێشان هەردەم فەراهەم بێت.
- وشەو پیت بە زیاد لە زمانێک بنووسە باسی شێوەو دەنگەکانی بکە
- پیشانی منداڵەکەتی بدە کە دەنووسی و دەخوێنیەوە



# کتێبی زیاتر پەیدا بکە

شتێکی گرنگە کە لەماڵەوە کتێبتان هەبێت و منداڵیش بە ئاسانی دەستی پێبگات.

خۆت و منداڵەکەت دەتوانن لە کتێبخانە کتێب قەرز بکەن. لە کتێبخانە کارمەند هەیە کە دەتوانێت کتێبی دڵخوازی خۆتان بۆ بدۆزێتەوە بە زمانی دانمارکی و بە زمانی بێگانە.







لە ناو جانتاکەدا کوپۆنێکی تێدایە، کە هەر کاتێک بردتان بۆ کتێبخانە دەتوانن کتێبێکی بە دیاری پێ وەربگرن.

دەتوانن لەسەر ئەم ماڵپەڕەwww.aakb.dk  فکرە لە سەر کتێبی تریش وەربگرن

دەتوانن لە ڕێگای eReolen کتێبی ئەلیکترۆنی و کتێبی دەنگی قەرز بکەن

# ڕید

**زیاتر لەسەر ڕید بخوێنەوە**

دەتوانی لەسەر پرۆژەی ڕید- خوێندنەوەی پێکەوە بخوێنیتەوە و بابەتەکان بە زمانی جیاوازلە ماڵپەڕی www.aarhus.dk/read بدۆزیتەوە.